**سێکتەری ئاو**

ئەم بوارە خزمەتگووزارییە بریتییە لە:

- بواری ئاوی خواردنەوە و
- بواری ئاوی ئاودێری.

سەرچاوەی ئاو لە باکووری عێراق ڕووبارەکان و ڕووبارۆچکەکان و زێ کانن.
لە هەر پێنج پارێزگاکانی باکووری عێراقدا ئامێری پاککردنەوەی ئاو و گوونجاندنی بۆ خواردنەوە بە توانای نزیکەی 40 Mio. Liter/day، هەیە.

لە شاری هەولیر وێستگەیەکی پاککردنەوەی ئاو بنیات نراوە لەسەر ڕووبەری 160000 $m^2$ کە ئاو بۆ شاری هەولێر و عەینکاوە دابین ئەکات. دانیشتوانی شارۆچکەی عەینکاوە تا ساڵی 1015 ئەگاتە 11553 کەس.

بڕی ئاوی سەرفکراو بۆ هەر تاکە کەسێک مەزەندە کراوە بە 250 لیتر لە ڕۆژێکدا و لە داهاتوودا زیاد ئەکات.
توانای ئەو ئامێرانەش کە ئاو بۆ خواردنەوە ئەپاڵێون لە ڕۆژێکدا بە 260 Mio. Liter/day دانراوە، کە بەشی دانیشتوانی هەولێر و عەینکاوە بە ئاسانی ئەکات.

ئامێرەکان توانای پاککردنەوەی 10833 $m^3$ ئاویان هەیە لە عەمبارەکاندا کە بۆ ئیش پێکردنیان 17887 KWA کارەبا پێویستە و بڕی تێچوونی بە 84 Mio. US $ مەزەندە ئەکرێت.
تا ساڵی 2015 پێویستی دانیشتوانی باکووری عێراق لە ئاو زیاد ئەکات و زیاتریش ئەبێت بەهۆی گەشەکردنی ژمارەی دانیشتوانەکەی و یەکەی نیشتەجێبوون و پێویستی ئامێرەکان بە ئاو کە ساڵانە 5% زیاد ئەکات.

بەم پێیە بڕی بوودجەی پێویست بۆ پێداویستییەکانی بینا و بیناسازی لە بواری ئاو و ئاودێری دا تا ساڵی 2015 لە Preservation Need ئەگاتە 873,94 Mio. US $ و لە Extension Need ئەگاتە 436,91 Mio. US $.

Saiwani